هێشتا دڵی بەتەمەن گەنجە لە دوو شتدا: خۆشەویستی دونیا وهیوا درێژی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هێشتا دڵی بەتەمەن گەنجە لە دوو شتدا: خۆشەویستی دونیا وهیوا درێژی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە پیاوی بەتەمەن هەر پیرتر دەبێت ولاشەی لاوازتر دەبێت بەڵام دڵی هێشتا هەر گەنجە لەسەر خۆشویستنی دوو شت: یەکەم: خۆشەویستی دونیا وزۆر کردنی سامان. دووەم: خۆشەویستی درێژی ژیان وتەمەن وهیوا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66221